www.kurdistannet.org

بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 25-11-2006 12:27

# بەرزان ئەحمەد کوردە: لێپرسراوی تازەی مەڵبەندی سلێما نی (ی، ن، ک) منا ڵ نیە لە خێزا نە کە مان زیندانی بەعسی نەبینیبی و کیمیا یی بەر نەکەوتبی؟!! ... دیداری/ مەحەمەد سیاسی ئەشکەنەیی



هەڵبژاردن یەکێکە لەسیما دیارەکانی گەشەو نوی بوونەوەی حزبی سیاسی، هەر لایەن و حزبێکی سیاسی ماوە ماوە نەیتوانی بەئەرکی خۆی هەڵبستی و هەڵبژاردن بکات ئەوە بەحزبێکی مردوو ناوزەد دەکرێت، بۆ ئەو حزبانەی کە دەیانەوی نوی ببنەوە بۆ ئەم مەبەستە کەسانی شیاوو بۆ هەر شوێنی و پلەو پایەیان بۆ دیاری دەکات، یەکێك لەو کەسە دیارو تێکۆشەرانەی کە جێگای خۆشەویستی شاری سلێمانی و شوێنانی ترە کە بۆ پۆستی بەرپرسی مەڵبەندی سلێمانی خۆی کاندید کرد، لەو هەڵبژاردنەدا وەك چۆن خەڵك خۆشیان دەویست و ئەویان بەکەسێکی شایەستەو تێکۆشەر و کوڕی بنەماڵەیەکی نیشتمان پەروەر ئەزانی بۆیە دەنگیان دا پی ی و لە هەڵبژاردن سەرکەوتنی بەدەست هێنا، چونکە ئەو شایەستە بوو بۆ ئەو پۆستەو لێهاتووبوو بۆ ئەرکەی کەپی یان سپاردبوو، وەکو چۆن لەلایەن هەڤاڵی بەڕێز مام جەلال وە تەقیمی کرا وو بە شایەستە ناوزەدی کرد و ووتی: کادیرێکی بەتوانای ناو ڕێکخستنەو لە کاری پێشمەرگەییدا لە شاخیش هەمان دەورو تەئسیری هەبووەو بەشداری زۆربەی شەڕەکانی کردووە دیارترینیان شەڕی 101ڕۆژەی قەیوان ماوەت و داستانی ڕزگاری و چەندانی تر بۆیە بە پێویستمان زانی ئەم دیدارەی لەگەڵ ساز بدەین کە ئێستا بەلێهاتوویی خۆی بوو بە بەرپرسی مەڵبەندی سلێمانی.

بەرزان ئە حمەد کوردە کی یە؟!!

وەلام/ لەساڵی 1962لەگەڕەکی چوارباغی شاری سلێمانی لەدایك بووم، خوێندنی سەرەتایی و ناەندیوئامادەیی و زانکۆکۆلیژی زانستە مرۆڤایەتیەکان بەشی مێژوم تەواو کردووە، خوێندکاری ماجستێرم لەمێژووی ئەوروپا، لەساڵی 1978وە پەیوەندیم کردووە بە کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە، لەساڵی 1983بومە پێشمەرگە، لەتیپەکانی23ی سورداش و تیپی 31یسلێمانی و تیپی 37ی شارباژێر0

پلەکانی ڕێکخستنم لەئەندامەوە بڕیوە تاکو ئەندام پۆل و ئەندام کەرت و ڕابەری سیاسی تیپ و لێپرسراوی کۆمیتەو کارگێری مەڵبەند و یاریدەدەری بەڕێز مام جەلال بۆ کاروباری سیاسیوهۆشیاری 0

پ1/ ئایا چەند جاری تر بەشداری هەڵبژاردنت کردووە بە هەڵبژاردن پلەی ڕێکخراوەیت وەرگرتووە؟

وەلام/ لەساڵی 1996لە کۆنفراسێکی مەڵبەندی ڕێکخستنی سلێمانی دووەم دەنگی ڕێکخستنی سلێمانیم هێناو، یەکەم دەنگی ستافی مەڵبەندیشم هێنابۆ کارگێر، لەساڵی 1999شدا بەشداریکۆنفراسی مەڵبەندم کردووە دەرچومەوە لەو کۆنفراسەدا، لەتەمەنی خەباتی ڕێکخستندا پێش ڕاپەڕین سی جار

زیندانی کراوم، وە بە خێزانیشەوە ڕەوانەی خوارووی عێراق کراوین، منالْ نیە لە خێزانەکەمان زیندانی بەعسی نەبینیبی، یاخود کیمیای بریندارى نەکردبی؟

پ2/ دەنگۆی ئەوە هەیە ئەو ستافەی دەرنەچونەوە نایانەوی مەڵبەند چۆلبکەن، کەچی ئەوانیش باس لەڕیفۆرم دەکەن، بەرێزت چی دەڵی ی؟

وەلام / ئێمە تائێستا کە دەرچووینەتەوە لەمەڵبەند لەپێشوازی ڕێکخستنی شاری سلێمانیداین هەروەها جەماوەرەکەی پۆل پۆل دێن بۆ پیرۆزبایی، تاکو ئێستا هەڤاڵانی ستافی بەرامبەر بەڵی ماونەتەوە، وەلامیش لای خۆیانە، بەلام بڕواناکەم هۆیەکی سلبی هەبی، چونکە یەکێتی لە هەموومان گەورەترە.

پ3/ ئەی بەڕێزان مام جەلال و مەکتەبی سیاسی و مەکتەبی ڕێکخستن چی دەڵێن کە ئەو ستافەی کە دەرنەچوونەوە و مەڵبەند چۆل ناکەن؟

وەلام / دیارە مەکتەبی سیاسی کۆبونەوە دەکەن و لەدوای کۆبونەوەی خۆیان بڕیار لەسەر دەورو تەسلیمی مەڵبەندەکان دەدەن، هەروەها لەکۆبونەوەیەکی ستافی تازەی مەڵبەندەکان لەگەڵ بەڕێزان کاک کۆسرەت و کاک ئەرسەلان بایز باسیان لەوە کرد کە دەست بە کار بن لە مەڵبەندەکاندا، ئەوەش ئامازەیە بۆ ئیش کردن!؟

پ4/ کۆمەڵێك نوسینی ژەهراوی و پڕوپاگەندە لە سەر سایتەکانی ئینتەر نێت و لەزمانی هەندی کەس دژبە بنەماڵەکەتان بلاوکرایەوە تۆ رەئیت چیە لەبارەیانەوە؟

وەلام/ ئێمە هەموو خەڵکی شاری سلێمانی ئەمان ناسن کە ئەحمەد کوردە هەموو ژیانی یان پێشمەرگە بووە یان لەزینداندا بەسەر بردووە، زیندانی بەعس نەماوە باوکم تیای نەگیرابی، هەروەها لە پێشمەرگایەتیشدا لە شەستەکانەوە تاکو ئەو کاتی کۆچی دوایی کرد بەردەوام بووە لە خەبات و تێکۆشان، لەژیانی پێشمەرگایەتیشدا چوار جار بریندار کراوە بە سەختی بەکیمیایی بریندار بووە لە ساڵی 1987 لە گوندی زێوی ی ناوچەی سورداش کە هەموو خێزانەکەمانی بەر کەوتووە، جیا لە وەی هەرچی سەروەت و سامانمان تا ساڵی 1991 دەستی بەسەر داگیراوە لەلایەن رژێمی عێراقەوە، خانووەکانمان مەقەڕی جاشەکان بووە و ئەو زەویەی کە ئێستا بارەگای مەڵبەندە ئەوە بە تاپۆ بەناوی باوکمەوەیە و بەعس کاتی خۆی داگیری کرد وە و کردویەتی بە بارەگای حزبی خۆی، ئێمەش لەوەتەی فاممان کردۆتەوە هەموومان پێشمەرگە بووین لەشەڕە سەختەکانی قەیوان ماوەت و داستانی رزگاری چوار برا راستەوخۆ لە شەڕەکاندابووین و پێشمەرگە بووین، من بەش بە حاڵی خۆم پلەکانی ڕێکخراوەییم وەکو پێشووتر باس کرد بە هەوڵ و ماندووبوونی خۆم و هەڵبژاردن بڕیوە، دیارە ئەو کەسەی باس لە بنەماڵەی ئێمە دەکات مەگەر خەڵکی کۆنە بەعسی و کۆنە جاشەکان بن، ئەگینا کەس ئەوەندە بی ویژدان نیە راست و چەپ بەسەر ئەو خەبات و فیداکاریەمان دابێنی؟!!

پ5/ بە دەرچوونەوەت تاچەند خۆشحاڵی، ئەگەر دەرنەچووبایەوە تا چەند نیگەران دەبووی؟

وەلام/ دیارە دەرچونەوە لە هەر هەڵبژاردنێکا بی خۆشە و بەتایبەت لەو بوارەیدا کە کاری تیا دەکرێت و تەمەنێکت تیا بەسەر بردووە خۆشەو بەتایبەت ئەو بوارەی کە سەرجەم کادیرو ڕێکخستنەکانی حزبەکەت متمانەت پی ببەخشن.

دەرنەچوونەوەش بە تەئکید ناخۆشە بەلام ئێمە وەکو یەکێتی یەکی لە دروشمەکانمان دیموکراتیەتە یەکێك لەبنەماسەرەکیەکانی دیموکراتیەتیش هەڵبژاردنە، هەربۆیە ئەگەری ناخۆشیش بی دەبی بە سینگی فراوانەوە وەری بگرین و هەڤاڵەکانی خوار خۆشمان ئەبی بەو شێوەیە فێر بکەین.

پ6/ ئەوانەی لە و هەڵبژاردنە دەنگیان نەدا پێت لە دواتردا تۆ هەڵوێستت بۆیان چۆن دەبی و ئایا جیاوازی دەکەی لەبەینی ئەوانەی دەنگیان داوە پێت و نەداوە پێت؟

وەڵام / دیارە ئەوانەی دەنگیان نەداوە پێم ڕەنگە نەمناسن باش، یاخود بەدحاڵیبونێك هەبی یان سەرنج و تێبینیان هەبی لەسەرم من بەڵێنیان پی دەدەم:دڵم تۆزقاڵێك تۆزی گەردی نەگرتووە، بە هیچ جۆرێك جیاوازی ناكەم لەنێوان ئەوانەی دەنگیان داوەپێم و دەنگیان نەداوە پێم، چونكە من بمەوی و نەمەوی بەرپرسی مەڵبەندم، ڕۆژانی داهاتووش سەنگی مەحەكن؟!

پ7/ ئایا ڕاستە پێش هەڵبژاردنەكان لەلایەن ڕیفۆڕمەوە هەڕەشەت لی كراوە كە خۆت هەڵنەبژێری؟

وەڵام / نە خێر؟!!!!!!!

پ8/ هۆی ئەوە چیبووكە هەڤاڵی بەڕێز مام جەلال لە كەناڵەكانی ڕاگەیاندن دا بە پیاوێكی چالاك و شۆڕشگێر ناوی بردی، بی ئەوەی هیچ كەسێك لە هاولاتیان ناوەڕۆكی دانیشتنەكەتان بزانن؟

وەڵام/ یەكێك لە كادیرەكان هەندی قسەی ناشیرنی كردبوو، هەڤاڵ مام جەلالیش وەك ڕەدی ئیحتیبار ئەو قسانەی بەدرۆ خستەوە، ئەو چاوپێكەوتنە وەڵامێك بوو بۆ ئەو قسانەی كە كرابوو؟